# باشترین جۆری ژیان لە خەڵکیدا پیاوێکە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە (وئامادەیە) بۆ (جیهاد کردن) لە پێناو خوای گەورە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین جۆری ژیان لە خەڵکیدا پیاوێکە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە (وئامادەیە) بۆ (جیهاد کردن) لە پێناو خوای گەورە، لەسەری دەفڕێت هەرکاتێک دەنگی جەنگ یان فەرمان بۆ جەنگان دژی دوژمن ببیستێت، لەسەری (بەرەو جەنگ) دەفڕێت؛ مەبەستی شەهید بوونە لە شوێنی مەبەست، یان پیاوێک لەگەڵ کۆمەڵێک پەز دەژێت لەسەر گردێک لەم گردانە یان لە نێو دۆڵێک لەم دۆڵانە، نوێژ ئەنجامدەدات، وزەکات دەدات، وپەروەردگاری دەپەرستێت؛ هەتاوەکو مردن بۆی دێت، لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵ نابێت مەگەر بۆ هۆکارێکی خێر وباش نەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕوونی دەکاتەوە باشترین جۆری ژیان لە خەڵکیدا پیاوێکە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە (وئامادەیە بۆ دەرچوون وجیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لەسەری دەفڕێت هەرکاتێک دەنگی جەنگ یان فەرمان بۆ جەنگان دژی دوژمن ببیستێت، لەسەری -بەرەو جەنگ- دەفڕێت؛ مەبەستی شەهید بوونە لە شوێنی مەبەست): واتا بە خێرا دەڕوات لەسەر پشتی ئەسپەکەی هەرکاتێک دەنگی جەنگ ببیستێت کە دوژمن نزیک بووەتەوە، یان فەرمانی پێبکرێت بۆ دەرچوون دژ بە دوژمن، مەبەستی شەهید بوونە لەو شوێنەدا. وهەروەها فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆدوورخستنەوە لە خەڵکی بەتایبەت ئەگەر لە سەردەمی فیتنەدا بوو یان کەسێک لە شوێنێک بێت لە نێو کێو ودۆڵەکان وخودا بپەرستێت و لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵ نابێت مەگەر بۆ هۆکارێکی خێر وباش نەبێت؛ ئەم کەسەیش خێری تێدایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6266